# (23) بەشی میرات

## ( 1 ) موسڵمان میرات لە کافر نابات و کافریش لە موسڵمان

953 عَنْ أُسَامَةَ بْنِ زَيْدٍ ( t ): أَنَّ النَّبِيَّ ( e ) قَالَ: ((لَا يَرِثُ الْمُسْلِمُ الْكَافِرَ، وَلَا يَرِثُ الْكَافِرُ الْمُسْلِمَ)). [بخاري/ الفرائض/ 6383]

لە (أسامة)ی کوڕی (زيد)( t ) وە: پێغەمبەر ( e ) فەرموویەتی: ((نە موسڵمان میرات لە کافر دەبات نەکافریش لە موسڵمان)).

## ( 2 ) میرات بدەن بە شایستەو خاوەنەکانی

954ـ عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ ( t ) عَنْ رَسُولِ اللَّهِ ( e ) قَالَ: ((أَلْحِقُوا الْفَرَائِضَ بِأَهْلِهَا، فَمَا تَرَكَتِ الْفَرَائِضُ فَلِأَوْلَى رَجُلٍ ذَكَرٍ)). [بخاري/ الفرائض/ 6351]

(ابن عباس) ( t ) دەڵێت: پێغەمبەری خوا( e ) فەرموویەتی: (میرات بدەن بە شایستەو خاوەنەکانی ، ئەوەی بەجێدەمێنێت بۆ یەکەم پیاوی نێرینەیە)).

## ( 3 ) میراتی ( کلالە )

955ـ عَنْ جَابِرِ بْنَ عَبْدِ اللَّهِ ( t ) قَالَ: دَخَلَ عَلَيَّ رَسُولُ اللَّهِ ( e ) وَأَنَا مَرِيضٌ لَا أَعْقِلُ، فَتَوَضَّأَ، فَصَبُّوا عَلَيَّ مِنْ وَضُوئِهِ فَعَقَلْتُ، فَقُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، إِنَّمَا يَرِثُنِي كَلَالَةٌ، فَنَزَلَتْ آيَةُ الْمِيرَاثِ، فَقُلْتُ لِمُحَمَّدِ بْنِ الْمُنْكَدِرِ: ﴿يَسْتَفْتُونَكَ قُلِ اللَّهُ يُفْتِيكُمْ فِي الْكَلَالَةِ﴾ [النساء: 176]؟ قَالَ: هَكَذَا أُنْزِلَتْ. [بخاري/ الوضوء/ 191]

(جابر)ی کوڕی (عبدالله) دەڵێ: پێغەمبەر ( e ) هات بۆ سەردانم کە من نەخۆش بووم هۆشم نەبوو، دەست نوێژی گرت لە ئاوی دەست نوێژەکەیان پرژاند بەسەرما منیش هۆشم کردەوە. وتم: ئەی پێغەمبەری خوا من میراتگرانم (کلالە)ەن }واتا:کور و باوك { ئیتر ئایەتی میرات هاتە خوارەوە، بە (محمد)ی کوڕی (المنکدر)م وت: ﴿يستفتونك قل الله يفتيكم في الكلالة﴾ النساء: 176. وتی: هەروا دابەزیوە.

956ـ عَنْ مَعْدَانَ بْنِ أَبِي طَلْحَةَ: أَنَّ عُمَرَ بْنَ الْخَطَّابِ ( t ) خَطَبَ يَوْمَ جُمُعَةٍ، فَذَكَرَ نَبِيَّ ( e ) وَذَكَرَ أَبَا بَكْرٍ، ثُمَّ قَالَ: إِنِّي لَا أَدَعُ بَعْدِي شَيْئًا أَهَمَّ عِنْدِي مِنَ الْكَلَالَةِ، مَا رَاجَعْتُ رَسُولَ اللهِ ( e ) فِي شَيْءٍ مَا رَاجَعْتُهُ فِي الْكَلَالَةِ، وَمَا أَغْلَظَ لِي فِي شَيْءٍ مَا أَغْلَظَ لِي فِيهِ، حَتَّى طَعَنَ بِإِصْبَعِهِ فِي صَدْرِي، وَقَالَ: ((يَا عُمَرُ، أَلَا

تَكْفِيكَ آيَةُ الصَّيْفِ الَّتِي فِي آخِرِ [سُورَةِ] النِّسَاءِ)). وَإِنِّي إِنْ أَعِشْ أَقْضِ فِيهَا بِقَضِيَّةٍ يَقْضِي بِهَا مَنْ يَقْرَأُ الْقُرْآنَ وَمَنْ لَا يَقْرَأُ الْقُرْآنَ.

لە(معدان)ی كوڕی (أبي طلحة)وە: كە (عمر)ی كوڕی (الخطاب)لە ڕۆژی جومعەدا وتاریداو باسی پێغەمبەر ( e ) و ئەبو بەكری كرد، پاشان وتی: من هیچ شتێك پاش خۆم بەجێناهێڵم گرنگتربێت لە لام لە (كلالە) هیچ كاتێك مشت ومڕم لەگەڵ پێغەمبەر ( e ) نەكردووە ئەمەندەی كە لە (كلالە)ەدا كردوومە، هیچ كاتێك ئەویش لەگەڵم توندوتیژ نەبووە ئەوەندەی لەوەدا توندوتیژبووە، تاوەكوو جارێكیان پەنجەی كوتایە سنگم و و فەرمووی: ((ئەی عومەر ئەرێ ئایەتە هاوینەكەت بەس نیيە كە لە كۆتایی سورەتی (النساء)دایە [بۆیە پێی ئەوترێت ئایەتی هاوینە چونكە لە هاویندا هاتۆتە خوارەوە]. من ئەگەر باقی بیێ بڕیارێكی ئەو تۆی لەبارەوە ئەدەم كە كەسێك قورئان خوێن بێت و كەسێكیش قورئان خوێن نەبێت پەیڕەوی بكات.

## ( 4 ) دواهەمین ئایەتێك دابەزیوە ئایەتی ( الكلالە )ەیە

957ـ عَنِ الْبَرَاءِ ( t ): أَنَّ آخِرَ سُورَةٍ أُنْزِلَتْ تَامَّةً سُورَةُ التَّوْبَةِ، وَأَنَّ آخِرَ آيَةٍ أُنْزِلَتْ آيَةُ الْكَلَالَةِ. بخ المغازي/ 4105]

لە (البراء)ی كوڕی (عازب)ەوە دەگێڕنەوە: كە دواهەمین سورەت كە بەتەواوەتی دابەزیووە سورەتی (التوبة)ەیە، وە دواهەمین ئایەتیش كە دابەزیووە ئایەتی (الكلالە)ەیە.

## ( 5 ) هەر كەس ماڵ و داراییەكی جێهێشت بۆ میرات گرەكانێتی

958ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ( t ): أَنَّ رَسُولَ ( e ) كَانَ يُؤْتَى بِالرَّجُلِ الْمَيِّتِ عَلَيْهِ الدَّيْنُ، فَيَسْأَلُ: ((هَلْ تَرَكَ لِدَيْنِهِ مِنْ قَضَاءٍ)). فَإِنْ حُدِّثَ أَنَّهُ تَرَكَ وَفَاءً صَلَّى عَلَيْهِ، وَإِلَّا قَالَ: ((صَلُّوا عَلَى صَاحِبِكُمْ)). فَلَمَّا فَتَحَ اللَّهُ عَلَيْهِ الْفُتُوحَ قَالَ: ((أَنَا أَوْلَى بِالْمُؤْمِنِينَ مِنْ أَنْفُسِهِمْ، فَمَنْ تُوُفِّيَ وَعَلَيْهِ دَيْنٌ فَعَلَيَّ قَضَاؤُهُ، وَمَنْ تَرَكَ مَالًا فَهُوَ لِوَرَثَتِهِ)). [بخاري/ الكفالة/ 2176]

(أبو هريرة)( t ) دەڵێ: پێغەمبەر ( e ) پیاوی مردوویان دەهێنایە خزمەتی كە قەرزی لە سەربووایە پرسیاری دەكرد ((ئایا بەشی قەرزەكەیی جێهێشتووە)) ئەگەر پێیان بوتایە بەشی دانەوەی قەرزەكەی جێهێشتووە نوێژی لەسەر دەكرد، ئەگەر نا دەیفەرموو: ((نوێژ لەسەر هاوەڵەكەتان بكەن)). هەتا كاتێ خوا دەرووی خێری لێكردەوە. فەرمووی: ((من لە پێشترم بۆ موسڵمانان لە خۆیان هەر كەسێك مردوو قەرزی لەسەربوو ئەوە دانەوەی لەسەر منە، هەركەسیش ماڵ و سامانێكی جێهێشت ئەوە بۆ میراتگرەكانی دەبێت)).